# شیشۆقە



1–لـەوەتی وەزارەتێـك بـۆ شـەهیدان پەیـدا بـووە, هـەر ئیمتیازیـــان لێ ســـەندراوەتەوەو ناهـــەقیان بەرامبـــەر شـــەهیدان کـــردووە وەك : نەهێشـــتنی (دە) دۆلار بـــۆ خوێندکاری پەیمانگاو کولێژ کە منالْ و خوشك و برای شـەهید بـوون. نەهێشـتنی (5) پێـنج نمـرەی تێکـرای شەشی ئامادەیی, نەهێشتنی موچەی برا, نەهێشتنی خانەنشینی ژنی شاخ کە خێزانی شەهیدەکانن , بڕینی دەرماڵەی منداڵ کە 30 سی هـەزار دینار هـەر منالێك, بڕینـی 750/00 دینـارو دوو تـەن شیشـی بـۆ هـەر مالْە شەهیدێك.

بۆیە خێزانـی شـەهیدێك لـە ڕۆژنامـەی ڕۆژنامـە ژمارە (216) لە 2008/5/8 نوسیویەتی خۆزگە وەزارەتەکە نەبوایە بۆ شەهیدان .

2– هەندێك بەرپرسی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکان زینـدانی نـەبووین, جا وەرە ئیمانت . بمێنـێ! ڕۆژێـك زینـــدانی سیاســـی نـــەبووە, بەرپرســـی زیندانـــە سیاسیەکان بێ, چ زەمان و دەورێکە.

3– قوتابخانەی گوندی(چیا سـەوز) لـە ئاخجەلەر (57) خوێنـدکاری هەیـە, ڕەحلـەیان نیـە, توخـوا ئـەوە ڕەواو سیستەمە! گوندی(چیا سـەوز) خزمـەتی پێشمەرگەیان زۆر کـردووە, بـە چ هـەقێك ڕەحلـەیان بـۆ پەیـدا ناکـەن پەروەردە.

4–لـە زەمـانی جەلالیەکانـەوە, لـە سـالْی 1969 کـەلار بۆتە قەزا, جەلال ناویك قائیمقامە, ئێستاش هەر جەلال ناوێکە, کەلار مەراقیان جەلالیەتە.

5– بەڕێوەبـەری چاودێری کۆمەلاْیـەتی دهـۆك دەبێژێ:

**ر. بەرزنجی**

دهـۆك شـاری دەوڵەمەندەکانـە, شـەقامەکانیش پـڕن لـە دەرۆزەکەر, دیارە ئەو شارە خێرەو مەندی تێدا نیە.

6– بودجەی 2008 کە (6) تریلـۆن و 580ملیـارو 780 ملیۆن دینار بوو بەکۆی 110 دەنگ پەسەند کرا, تـەنها یـەك پەرلـەمانتار دەنگـی بۆنـەدا, بۆشـیان نـەبوو دەستکاری بودجەی خەملێنراو بکەن, هەر بێژە خوا بە خێری بگێڕێ.

7–مەلا مەغدید کـەریم کە قوتابی دکتۆرایە لـە زانستە شـەرعیەکان و وتـار خـوێنی مزگـەوتی حـاجی بـەکری زێڕینگـەرە لـە گـەرەکی ئیسـکان لـە شـاری هـەولێر دەفـەرموێ: خوێنـدنی قورئـان لـە کـاتی پرسـە لـە شەریعەتی ئیسلامیدا نیە, سێ ڕۆژ پرسە نەك پێویست نیە, گوناهیشـە, وا پێشنیاز دەکات خـەڵك بە تەلـەفۆن سـەرە خۆشـی لەیـەکتر بکـەن, دەڵێـت پرسـەی ژنـان حەرامـە, و بـا پیـاویش یـەك ڕۆژ دابنیشـن ! ئـەرێ موسولْمانینە بۆ بە قسەی ناکەن, خێرتان دەگاتێ!

8– مایکـل وۆلـــزەر فەیلەســـوف و سیاســـەتمەداری بەناوبانگی ئـەمریکی لـە دیمانەیەکدا وتوویـەتی: کورد هەرەشەلێکراوترین گەلی جیهانە , پێویستە بپارێزرێـت, بەزیادەرەوی دەزانـێ کـە هـەموو دنیا بـە فیتـی ئـەمریکا کە تاکە زلهێزە هەلْبپـەڕێ. هێشتا وەك عێراق ولاْتێکی بچـکۆلەیە پـاش پێـنج سـالْی خوێنـاوی و سـێ‌تریلۆن دۆلار ئەمریکا قسەی ناڕوات! دوایی دەلْێ لام ڕون نیە کە چۆن چۆنی دەتوانین بە ئاسانی عێراق جێبهێڵین. جا هەقە کورد قسەکانی بەهەند وەربگرێت.

9- گرووپەک بەناوی (توایمان) لە ئەمریکا بە هیوای دابەزینی نرخی بەنزین نوێژ دەکەن، وڵاتی خۆشمان بۆ وشکە ساڵی نوێژە بە بارانە دەکەن. دەبارێ

دەبارێ،بەڵا باران دەبارێ

نرخی بەنزین دێتە خوارێ

10- جێگری پارێزگاری کەرکوک دەڵێ: کوردەکان داگیرکەرن، جگە لەوەش دەبێ کورد300 ساڵ لە میسر حوکمرانی کردووە، ئیستعماری کورد ئەوجا دەرکراوە، وەڵڵاهی خۆش و سەیرە، کورد ئیستعمارو داگیرکەر بووبێ.

11-لە دوالاپەڕەی کوردستانی نوێ بە ژمارە(4565) لە نوسینێکی کورتدا 43 وشەی عەرەبی بەکار هێناوە، خۆی نوسینەکە 120 ووشە نابێ، گوایە تەنز ئامێزو پەلارە، ناو ناونیشانەکەشی و دێرە هۆنراوەیەکی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی بەکار هێناوە، دەبوو ئەو دێرە هۆنراوەشی لەبیر با:

لەفزی کوردی بڵاونەبوو گرد بوو

وا لە مابەینی ئێمەدا تێ چوو

ئاخر ئەم ئەقڵەیان هەبوو بۆیە

گەر سولەیمانیە وە یا کۆیە

12-ئایا مەتەڵە؟ حکومەت گەندەڵە؟ خەڵك تەمبەڵە؟ مسئوول بەتەڵە؟ سەگیش ئاژەڵە؟ وەڵام بەپەلە....

13-دوور لە چاوی میدیاکان، کچەکەی بووش شووی کرد! کەچی ڕۆژنامەو گۆڤار نەماوە وێنەو هەواڵی شوکردنەکەی (جینا بوش) تەمەن 23بڵاونەکاتەوە، کەچی هەر دەڵێن دوور لە چاوی میدیاکان!

14-ئەحمەد ریاز فەل لە عەرەبستانی سعودیە، بەشمشێر سەری سێ سەد کەسی پەڕاندووە، کاری جەلادیی دەکات تەمەن 42 ساڵە، بە ئاشکراو بێ منەت چاوپێکەوتنی کردووە. وێنەی خۆی و شمشێرەکەی بڵاوکردۆتەوە، لەسەر جەلادی خانوەکی شایستەی وەرگرتووە، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: لەو سێ سەد کەسەی سەرم پەڕاندوون، حەفتایان ئافرەت بووین، بەڵام ئافرەت بە هێزو ئازاو بەئارامترن، ناترسێن وەك پیاو، کاك ئەحمەد ریاز فەل سعودی زۆر شانازی دەکات کە کاری جەللادی دەکاتن، بەشمشێری تیژ سەر دەپەڕێنێ، توخوا توو دینتان ئەوە ئیشە !!.

15-دەشنێ مورادی پێشکەشکاری بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) کەچی لە کۆنترۆڵی فرۆکەخانەی هەولێر خاوەن بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ گیراو ڕەوانەی پۆلیس کرا، لەسەر سکاڵایەك پارەی بەرگدرووییەکی نەدابوو، دەشنێ وایدەزانی کوردستان بێ کۆنترۆڵە بۆیە لە کۆنترۆڵ کۆنترۆڵ کراو قیر گیرا !!.

16- ژنێك لە بەریتانیا بە تەمەنی 94 ساڵی شووکردووە بە کابرایەکە تەمەن 86 ساڵ، بە پیرترین بوك ناو دێر کرا. لە پاکستان و سعودیە و میسر بە تەمەنی 8 ساڵی کچ بەشوو دەدەن الثامنة الزامنة! هەی هوو جیاوازی تەمەن !!.

17-یەکگرتوو بە ئامادەبوونی 561 ئەندامی کۆنگرە کۆنگرەی پێنجەمی بەست، داواشکراوە قۆناغی شەرمنی بەجێ بهێڵێت! سەرەنجام لە کۆی (5) ئافرەت سێ ئافرەت هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرکردایەتی، قۆناغی شەرمنەکە وا دیارە ئەوە بوو ئافرەت لە سەرکردایەتی کەم بکرێتەوە .

18- چرنۆفسکی سەرۆکی پارتی لیبراڵ دیموکراتی روسیا، بێ شەرمانە لەسەر تەلەفزیۆن گووتی (ئۆجەلانمان بە 150 ملیۆن دۆلار فرۆشتە تورکیا، جا تورکیا چی پێ کرا توخوا رێگای دیالۆگی بگرتایە بەر، سەد هێندەی قازانج بوو ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی دەبەخشیە وڵات.

19- نوسەرێك لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی بە ژمارە(424)لە 2008/5/21 دەربارەی شار نوسیویەتی (سلێمانی بۆیە ناتوانێت ببێت بەشار چونکە ناتوانێت کەمینەی جیاواز پەسەند بکات ) سلێمانیەکان لە هەموو جیهاندا

بەس سلێمانی بەشار دەزانن کەچی ئەو نوسەرە بە شاری نازانێ! کەچی خالۆی ڕێبوار پێ ی وایە بەهەشت لەسەر شێوەی سلێمانی دروست کراوە:
بەهەشتی زاتی پاکی خوا ,بەناو بانگە لەبەر جوانی
کت و مت ڕەنگی ڕێژراوە لەسەر شێوەی سلێمانی
لە هەمان ڕۆژدا لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بە ژمارە (225 لە 2008/5/21 ) ڕیپۆرتاژێك کراوە بە ناونیشانی (ئاوی تێکەڵاو بە پاشە ڕۆو زێراب دەرخواردی سلێمانی دەدرێت):
ئەرێ خێرە وا لە سلێمانی دەکەن لەلایەك بەشاری نازانن و لەلایەکی دیکە
( ) یان دەرخوارد دەدەن.

20- پیاوێك لە کۆڕێکی پیاواندا گووتی: عەقڵتان هەبێ ئەورۆ باوی هیچ شتەك نیە ئەمانە نەبێ ئەمانە ئێستا لە باون:
1-حەزرەتی فلووس
2- پیاوی بێ نامووس
3- سمت و پووزی لووس
دوور لە رووتان بە پەرژنێکی قایم و گوڵاو ! چ بکەین نەقڵی کفر کفر نیە.

21-بەرپرسی سەنتەری ئێل بەگی جاف لە چاوپێکەوتنێکدا گوتویەتی : نەمبیستووە گۆران عەشیرەت بێ, لەهەمان ڕۆژنامەدا سەرۆکی سەنتەری ( گۆران)یش وتویەتی : جافیش ڕەوەند بوون نەك عەشیرەت : ئێمەش دەڵێین:
دەبا قەبرەکەم لە ڕێی خێڵان بێ
نزیك هەوارگەی جاف و گۆران بێ

22- خوێندکارێکی کورد لەسەر جلی کوردی لە خانەقین لە ڕۆژی تاقیکردنەوەی زمانی کوردی کە جلکی کوردی لەبەرکردووە فەسڵ کراوە, توخوا زەمانی بەعسیش شتی وا بووە, دەك بەزیاد نەبێ ئازادی خانەقین .

23-لە یادی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لە تەلاری هونەر لە 2008/6/2 تیپی مۆسیقای سلێمانی چەند گۆرانیکیان گووت, دیسان بارانەو باران بارانەو ئاوی شیرینی شارەو بەو وشکە ساڵی و بێ ئاویە ئەو گۆرانیانەیان دەگووت.

24- لەیادی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لە 2008/6/1 لێپرسراوی مەڵبەندێك بە بیانووی نەخۆشی نەچووە یادی یەکێتی و بەزم و ئاهەنگ و شایی کەچی چووە باخەکەی , دیارە دڵی بە باخەکە خۆشتر بووە.

25-پارێزەرو ڕۆژنامەنوسێکی نازدارو جوان بەرنامەی هەیە لە T V زاگرۆس چاوپێکەوتنێکی کردووە. لە گۆڤاری (هۆنیا) لە ژمارە 13 حوزەیرانی 2008, لێیان پرسییوە بیر لە چی دەکەیتەوە, ئەویش فەرموویەتی : (وەکو کچ وەك ووتم شووکردن), ئەی کەی عەیبە! دوایی لێی دەپرسن جوانی کچان درۆیە شەرتی چاوو برۆیە, نازدارە پارێزەرە ڕۆژنامەنوسەکە دەفەرمووێ: من چاوو برۆم هەیە( جوانە) بەڵام عەیبە(پیاو) باسی خۆی بکات! ئەو نازدارە کچە دڵێ پیاو, توخوا ڕەوایە.

26- کۆمپانیایەك هەیە بەناوی (بێخاڵ) و کارو گوزەرانی باش بوو لەسەرەتا, دوایی بارودۆخی بەرەو خراپی چووە, دۆلار دابەزیوە, کەوتە بن قەرزانەوە قەرزەکانی پێ نەدرایەوە, زەرەری کردو کەوتە سەر ساجی عەلی خاوەن قەرزەکان تابلۆیەکەیان داگرت و نوقتەیەکیان لێ ڕەش کردەوە تابلۆکەیان کردە (بێحال) واتا( بێخاڵ) نەما!!.

27- دوو عەمودی کارەبا لەسەر چەقی جادەی تازەکەی دوکان لانەبراون لەگەڵ عەمودێك لە کۆیە لەسەر چەقی جادە, خەڵك دەپرسن حیکمەتی ئەو عامودانەی کارەبا لەسەر چەقی جادەی سەرەکی دەبێ چ شەوقێکی هەبێ.